سەرۆک پەرلەمانی عێراق لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی لە تاران کۆبوونەوە



ئەمڕۆ دووشەممە، سەرۆک پەرلەمانی عێراق، مەحمود مەشهەدانی، دیدارێکی فەرمی لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی، محەمەد باقر قالیباف، لە باڵخانەی پەرلەمانی ئێران ئەنجامدا.

میدیا فەرمییەکانی ئێران کە ئاژانسی موتەبەدواداچوونیان بۆ کردووە باویانکردووە کە:

"مەشهەدانی کە دوێنێ بۆ سەردانێکی فەرمی گەیشتە تاران، دەستی بە کۆبوونەوەی فەرمی لەگەڵ هاوتا ئێرانییەکەی، محەمەد باقر قالیباف کرد.

شایەنی باسە مەشهەدانی بۆ سەرکایەتی شاندێکی فەرمی گەیشتە تاران، بۆ ئامانجی ئەنجامدانی وتووێژ لەگەڵ بەرپرسانی باڵای ئێران سەبارەت بە هاوکاریی پەرلەمانی و پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان دوو وڵات. بەگوێرەی میدیاکانی ئێران، شاندی عێراقی لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی مەهرئاباد لەلایەن حەمید مەزا حاجی بابایی جێگری سەرکی پەرلەمانی ئێران لەگەڵ موجتەبا نەقد عەلی سەرکی گرووپی دۆستایەتیی پەرلەمانی نێوان ئێران، عێراق، نیجیریا و سلۆفاکیا پێشوازی لێکرا.